# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

هەرکە بڕیاری گەڕانەوەمان دا بۆ پێنجوێن، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە قۆناغمان لە ستاری (مهابات) ئەبێ و دوو ڕۆژی لێ ئەمێنینەوە و چاومان چ بە حاکم حەسەن و کاك عەزیز خۆشناو ئەکەوێ و هەروەها جارێکی دیکەش میزاجی کوردەواریمان بە سۆز و چریکەی (ماملێ) ئەبووژێینەوە، ئەمە دەرفەتە و هەموو ڕۆژێ بۆمان هەڵناکەوێ.

هەر سپێدە بوو بە ڕێکەوتین، هێشتا وەکو تاریکی شەوگار و تەمومژی باڵایی و سەرکەشی سینە و بەرۆکی چیاکانی بەرنەدابوو، هەتا زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات ببووینایەتەوە بینەراوەکان کاڵتر و ڕوونتر ئەبوونەوە. لە ڕێگا، کات نزیکی چێشتەهەنگاو بوو لە شارۆچکەیەك لاماندا و نانی بەیانی و قاوەڵتیمان کرد بە یەك و (ئاب گۆشت)ێکی تا بڵێی بەچێژمان خوارد، کەوتینەوەڕێ هەر شوێن و چیایەکم بەرچاویکەوتایە سەربوردەیەکمان بەیاد ئەکرد، هەرنەبوایە ئەو ناوچەیە لە دوتۆی فەرهەنگی فلۆکلۆر و گۆرانی کوردیدا.

بۆ چەند جارێ لە ڕێگا وچانمان بۆدا و دەمەوە زەردەپەر خۆمان کرد بە شاری (مەهاباد)دا، چوینەوە هەمان میوانخانەوە بە برادەرەکانمان شاد بووینەوە، کەوتینە باسی دەستکەوتە هونەرییەکانمان لەو سەردانەدا، کە چۆن پشتئەستووریان کردبێ بۆ بەدەستهێنانی هونەرێکی شۆڕشگێڕی.

چوینە دەرەوە بۆ پیاسەیەکی شەقامەکان، یەکێك لە دواوە بانگی کردم.

کاتێ هاتەپێشەوە ناسیمەوە و بە گەرموگوڕی چاك و چۆنیمان کرد:

: ئەز دکتۆر حوسێن بارزانیم.

: سەرچاوم دکتۆر گیان، باشن ؟

: سوپاس بۆ خوا، ئەوا بە شارەکەی خۆم بە خزم و کەس وکارم شاد بوومەوە.

: دکتۆر گیان، تۆ مهابادیت ؟

: بەڵێ، بەڵێ، ئەمشەو لەماڵی ئێمە میوانن، ئەوا ماڵمان ئا لە و کۆڵانەدا بە دەستە ڕاستدا چوارهەمین خانووە، ئەگەر ئەشفەرموون، ئەوا برایەکم ئەنێرم بە دواتان، لە هەر شوێنێك بتانەوێ.

: سوپاس ئەوا شوێنەکەمان زانی.

:ئیدی چاوەڕوانتانم، ئێستا سەعات شەشە، سەعات هەشت زۆرباشە؟

: بەڵێ ئەمرئەکەن.

: ئەوە (ماملێ) و (شاڕوخ)یش لەوێ ئەبن، هیچتان پێویست نییە؟ لە خزمەتاندام.



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

خواحافیزیمان لە یەکدی کردو، برادەران پرسییان:

: چۆنی ئەناسی ؟

: برادەرمە، ئەمە دکتۆر حسین بارزانییە، کاك سەرداری برام مامۆستای ئامادەیی کشتوکاڵ بوو لە (بەکرەجۆ)، خانوویەکی لەوێ وەرگرتبوو، شوێنێکی دڵگیر و جوان بوو، حەزی کرد بەماڵەوە بچێتە بەکرەجۆ، باوکم دڵی نەشکاند و ئەو ماوەیە ماڵمان چووە ئەوێ.

سەربووردەی دکتۆر حسێن بارزانی: لە هەرەتی لاویتیدا لە کۆماری (مهاباد) ئەبێتە پێشمەرگە و لە سەرکردایەتی و ئازایەتی بارزانی نەمردا نموونە باڵاکانی خەبات و کۆڵنەدان ئەبێنێنەوە و زۆر پەیوەستی ئەبێت، کاتێ کۆمارەکە ئەکەوێتە بەر شاڵاوی هێرشی دڕندانەی لەشکری (شای پەهلەوی) وکار لە کار ئەترازێ لەگەڵ بارزانی نەمر، وەك پێشمەرگەیەکی دڵ ئاگرینی بارزانی بەرەو یەکێتی (سۆڤیەت) رێدەکەوێ و لەنازی خۆشەویستی بارزانی نەمرەوە شەرەفی هەڵگرتنی لەقەبی بارزانی پێ ئەدرێ و شانازی پێوە ئەکات، هەرچۆن بارزانی مشوورخۆری هەموویان ئەبێ، یەکەمیان کوردستان و خەباتی هەمیشەیی لە گیان و بیر و دڵیاندا بڕوێنێ، دووەمیان خەمخۆری ئایندەیان، بەتایبەت خوێندن و زانست پەروەری.

بۆیە (حسێن بارزانی) سەرکەوتووانە پلەکانی خوێندن تەواو ئەکات و پاش خوێندنی زانکۆ لە بواری کشتوکاڵدا، خوێندنی ئاکادیمیش تەواو ئەکات و دکتۆرا وەرئەگرێت.

پاش گەڕانەوەی بارزانی نەمر و بارزانییەکان، دکتۆر حوسێن لەگەڵ خانمە رووسییەکەیدا دێنەوە کوردستان و پاش رێککەوتننامەی مێژوویەکەی (١١)ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) لە کشتوکاڵی سلێمانی دائەمەزرێ و لە شارۆچکەی (بەکرەجۆ) نیشتەجێ ئەبێ، ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشە مەزنەکەی (ئەیلول) وەك گشت بارزانی پەروەرانێك، خۆی لە چەقی شۆڕشی (مان یان نەمان)ی کوردستاندا ئەبینێتەوە، ئەو ساڵە دەرفەتی سەردانی رۆژهەڵات بۆ پێشمەرگە ئاسانکاری بۆ دێتە پێشەوە.

دکتۆر حسێن بارزانی پەرۆشی بینینەوەی خانەوادەکەی ئەبێ، رێگا ئەباتەوە سەر کوچەکەیان و ئەوسا راستەوڕاست بۆ کۆلانەکەیان، بەوەی باش ئەبێ کە چۆن بەری (٢٩) ساڵێك بەجێیهێشتووە، وەك خۆی ماوە، بە درێژایی کۆڵانەکە چاو بەمبەر و ئەوبەریا ئەگێڕێ، لە هەر دەرگا و دیوار و تەنانەت خشتێکی ئەو ناوەدا، هەزارەها یادگاری و سەربووردە و روخسار لە زەینیا ئەورووژێ و ئەیهەژێنێ، وا ئەزانێ هەر ئەو رۆژگارەیە، پاش کەمێك رامان لە دەرگای ماڵەکە ئەدا، خانمێ بانگ ئەکات: کێیە؟

د.حسێن: ئەمنم حسێنم. ئەمە ماڵی فلانە نییە؟

خانم: با خۆیەتی، ئەتۆ کام حسێنی؟

د.حسێن: حسێن کوڕی ئەم ماڵە.

خانم ئەیکاتە هەرا و بانگی هەموویان ئەکات: دایکە، باوکە، خوشك و براکانم، کاکە حسێن هاتۆتەوە.

لە دەنگە دەنگ و هەرا و هوریا و گریان و قاقای پێکەنین و دەستەملانێ و ماچ کردندا، گەڕەك بە ئاگا دێ، یەك بە یەکی خوشك و برا و دایك و باوك و خوشکەزاو برازا و ئەوەی لەو دەمەدا لە ماڵ ئەبن ماچ ئەکات، لە چەقی حەوشەکەدا بۆ ماوەیەك ئەوق ئەبێ و پاشان بە دەم هەنەسکەوە لە ورد و درشتی ئەڕوانی، دارمێو و ئینجانە گوڵەکان.

ئەو شەوە بە بۆنەی ئەو شادییەوە ئاهەنگ ئەگێڕێ، بۆیە هەر بە یادی جارانەوە، (ماملێ) و (شاروخ) و چەند لە ئازیزان و یاران ئاهەنگگێڕ ئەبن، ئەو شەوی ئێمە بووینە میوانیان، شەوی سێیەم بوو.

لە وچانێکدا (دکتۆر حسێن) هاتە لامەوە و ئاماژەی بۆ پیرێکی رووپیاوانەی بەساڵاچووی چاوان کز کرد و وتی: ئەوە باوکمە، بڕوا ئەکەی بەری دوومانگ هەڤاڵێك لە خەستەخانەکەی شاری (سەردەشت) نەشتەرگەری بۆ کرابوو، چووم سەردانم کرد، لەو قاوشەدا کە هەڤاڵەکەمی لێ راکشابوو، ئەم پیرەمێردەش لەوێ کەوتبوو، سەرنجم ئەدا، بەڵام نەمئەزانی ئەوە باوکمە، کاتێ بەجێمهێشتبوو پێشمەرگەیەکی گەنجی جەربەزەی تێکسمراو بوو، بریسك و باقی دیدەکانی ئەتگوت گزنگی خۆری بەیانیانی هاوینە، دیارە باوکی هەرچەندە گوێی کز بوو، بەڵام ئەیزانی باسی ئەو ئەکات، بۆیە بەدڵ گوێی لە قسەکانی گرتبوو، بۆیە خەندەیەکی بۆ کردین و فەرمووی ئەمە قەدەری ئێمەی کوردە، بەڵام سوپاس بۆ خوا و بۆ شۆڕشی (مەلامستەفای بارزانی) کە بە یەکی شاد و شکۆ کردینەوە.

ئەوەی لە یادگارەکانی ئەو شەوەی لە زەینما هەر ئەژی ئەو چرکەیەی (ماملێ) بوو، کە جاروبار (شاڕوخ) وەرامی ئەدایەوە:

((گا دەگریم، گا دەسوتێم غەرقی ئاو و ئاورم
ئاخ لەبەر بەختی سیا نازانم ئەز بۆچ نامرم
هەرکە دەتبینم دەڵێی تۆ شەمع منیش پەروانەتم
تا سەراپا نەبمە کۆی زووخالاً قەت ئارام ناگرم))

**بارزانی مشوورخۆری هەموویان ئەبێ، یەکەمیان کوردستان و خەباتی هەمیشەیی لە گیان و بیر و دڵیاندا بڕوێنێ، دووەمیان خەمخۆری ئایندەیان، بەتایبەت خوێندن و زانست پەروەری**


**لە دەنگە دەنگ و هەرا و هوریا و گریان و قاقای پێکەنین و دەستەملانێ و ماچ کردندا، گەڕەک بە ئاگا دێ، یەک بە یەکی خوشک و برا و دایک و باوک و خوشکەزاو برازا و ئەوەی لەو دەمەدا لە ماڵ ئەبن ماچ ئەکات**

## لەبەر خاتری سەگەکەی درۆی کرد

سەلما حایك یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە بە خۆشەویستی بێ سنووری بۆ ئاژەڵ ناسراوە، بەتایبەتی بۆ سەگ و چەندین جۆرە ئاژەڵە لەماڵدا هەیە کە بەخێویان دەکات، و ئێستا لە ماڵی خۆیدا زیاتر لە ٣٠ جوت ئاژەڵی ماڵی جیاجیان هەیە بۆیە بەڵێنی بە هاوسەرەکەی داوە کە هیچی ئاژەڵێك تر بەخێو نەکەن.

لە دیمانەیەکدا سەلما رایگەیاند کە خۆشەویستیی بۆ سەگ وای لێکردووە جارێکیان درۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات و لە پێناو رزگارکردنی ژیانی سەگێك وای نیشاندا کە خیانەتی لە هاوسەرەکەی کردووە، کاتێك لە بولگاریا بوو سەگێکی بچووکی بینی لە سەر





## ئیشواریا باشترین هەڵگری ناوی باتشانە

خانەوادەی ئەمیتاب باتشان یەکێکە لە خانەوادە بەناوبانگ و ناسراوەکانی هیندستان و جیهان، کاتێ ئیشواریا رای شاجوانی پێشووی جیهان ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەبهیشکی کوڕی ئەمیتاب پێکهێنا بە حوکمی ئەوەی یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی بۆلیۆد و بەشداری لە چەند فیلمی هۆلیۆددا کردووە. بەڵام ناوبانگی ئیشواریا و بەردەوام بوونی بەردەوامی لە فیستیڤاڵی کان و بوونی بە باڵیۆزی مارکەی لۆریال وایان کرد کە زاڵ بوو بەسەر ناوبانگی هاوسەرەکەی و گەیشتە رادەیەك کە کەسانێك وا بیر بکەنەوە کە ئیشواریا بەخێوکەری راستەقینەی ئەم خانەوادەیە بێت لە بۆلیۆد، تەنانەت چەند رەخنەگرێك ئەوەیان باس کرد ئابهیشك هەست بەوە دەکات کە ناوبانگی لەژێر هەڕەشەی هاوسەرەکەی دایە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئابهیشك خاوەن بەهرەیەکی زۆرە، بەڵام وەکو پێویست گرنگیی پێنەدراوە.

ئیشواریا بەهۆی منداڵ بوونەوە و سەرقاڵ بوونی بە پەروەردە کردنی کچەکەی ماوەی ٥ ساڵ دوورکەوتەوە، بەڵام کاتێك گەڕایەوە بەشداری لە دوو فیلمدا کرد و سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێنا، لەمەشدا دەردەکەوێت کە ناوبانگی خانەوادی ئەمیتاب بۆ چەند ساڵێکی دیکەش بەردەوام دەبێت، بەڵام رەنگە هەندێك گرفت بۆ ئیشواریا و هاوسەرەکەی دروست ببێت.



شەقام کەوتبوو و پێویستی بە یارمەتی بوو و کاتێك ویستی رزگاری بکا و بیباتەوە بەڵێنەکەی بیر هاتەوە، بۆیە تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەی کرد و وای نیشاندا کە خیانەتی لێیکردووە و هەست بە تاوان دەکات، بەڵام چارەی دیکەی نەبووە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بولگاریا بە تەنیا دەمێنێتەوە و داوای لێبوردنیشی لێکرد. بەڵام هاوسەرەکەی دڵنیا بوو لەوەی کە خیانەتی لێ ناکات و یەکسەر پێی گوت: راستەوخۆ بێ پێچ و پەنا پێم بڵێ کە سەگێکت دەستکەوتووە.



# وێل سمێس وەسیەتنامەکەی کلای جێبەجێکرد

ئەستێرەی سینەمایی وێل سمێس بە یاوەری چەندین کەسایەتی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئەستێرەی سینەمایی جیهانی وەرزشوان کە پێشتر دیاری کرابوون بەشداری لە مەراسیمی ناشتنی ئەفسانەی بۆکسینی جیهانی محەمەد عەلی کلای کرد.

لەم بارەیەوە بۆب جانیل قسەکەر بە ناوی خانەوادەی کلای رایگەیاند کە ماوەیەك زۆر بەر لە ئێستا محەمەد عەلی خۆی ناوی ئەو کەسانەی دیاری کردبوو کە لاشەکەی هەڵبگرن، هەروەها ژمارەیەك سەرۆك وڵات بەشدارییان لە مەراسیمەکەدا کرد، بەڵام رێگایان پێنەدرا وتار بخوێننەوە.
وێل سمیس سەبارەت بە بەشداریکردنی لەو مەراسیمەدا وتی: هەر لە منداڵییەوە من سەرسامم بە کلای چ وەك یاریزانی بۆکسێن یاخود وەك کەسایەتی خۆی، ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم وەسیەتەکەی کلای بوو، بۆ من مایەی شانازی و سەربەرزییە کە خۆی من هەڵبژێرێ وەك یەکێك لەو کەسانەی کە بەشداری لە مەراسیمی ناشتنی و هەڵگرتنی تەرمەکەیدا بکەم، تا لە ژیان مابم من ئەمە لە یاد ناکەم.

## ٧ ڕەنگە.. تابلۆ نزیک لە هەناسەی بینەر

### بەختیار سەعید:

# بە ڤیستیش تابلۆ بە عاشقانی تابلۆ دەدەین



*** ئایا (٧ رەنگە) فرۆشگایەکی هونەرە، یان گەلەرییە؟**

- (٧ رەنگە) هەوڵێکە بۆ بە کەلتوور کردنی تابلۆ لە ناو ماڵ و فەرمانگە و ئۆفیس و نەخۆشخانە و هەموو ئەو شوێنانەی کە تێیاندا دەژین، واتە ناوەندێکە بۆ فرۆشتنی تابلۆ، ناوەندەکە تابلۆی شێوەکارانی شارەکانی هەرێمی کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێك لە شێوەکارانی کوردی ئەورووپای، بۆ فرۆشتن تێدا نمایش دەکرێت.

***بۆچی ناوتان نا (٧ رەنگە)؟ چ جۆرە بەرهەمێکی شێوەکاریی تێدا دەفرۆشرێت؟**

-مەبەست لە ناونانی ٧ رەنگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشەکانی هونەر حەوتن، بۆ نموونە بە سینەما دەگوترێت هونەری حەوتەم، هەر بۆیە ئێمە وەك قۆناغی یەکەم کار لە سەر تابلۆ، یان هونەری شێوەکاری دەکەین، کە بە خستنە ناو ژیانمان لە رێگای تابلۆوە، دواتریش کار دەکەین بۆ هونەرەکانی مووزیك و سینەما و شانۆ، هەر لە ڕێی سیدی و چاپکراو و هەل ڕەخساندن بۆ بوونی ئەو هونەرانە لە ناو ژیانماندا، لە ناو ناوەندەکەدا ئێستا تەنیا تابلۆ دەفرۆشین، کە هەڵگری سیمای بەرهەم و تابلۆی شێوەکارانی کورد بێت، هەروەها لەو ماوەی داهاتوودا سیرامیك و پەیکەر دەبێتە بەشێکی تری ناو پرۆژەکەمان.

***کێن ئەوانەی تابلۆ و بەرهەمی هونەری بۆ (٧ رەنگە) دەهێنن؟**

-شێوەکارەکان بە بێ جیاوازیی ستایل و شار و شارۆچکە، تەنیا مەرج بۆ وەرگرتنی تابلۆ لە شێوەکاران، تەکنیکی کارکردنەکەیە. شێوەکاران بەردەوام پێوەندیمان پێوە دەکەن بۆ ئەوەی تابلۆیان لێ وەربگرین. ئێمە داوایان لێ دەکەین سەرەتا فۆتۆی تابلۆکانمان بۆ بنێرن، دواتر ئێمە ئەو تابلۆیانە دیاری دەکەین کە بیانهێنن. ئەوان لە دیاریکردنی نرخ ئازادن. هەر کارێك وەکوو ئەزموون بۆ ماوەی شەش مانگ دەمێنێتەوە، ئەگەر نەفرۆشرا، داوا لە شێوەکارەکە دەکرێت تابلۆکە بگۆڕێت بە تابلۆیەکی تر، تەنانەت بۆ



**تا ئێستا لە کوردستاندا تابلۆ و بەرهەمی شێوەکاری نەبووەتە کاڵایەك، کە بە کڕین و فرۆشتن دەستاودەست بکات. ئەمەش یەکێك لەو ئاستەنگانەیە کە ڕێ لە گەشەکردنی هونەری شێوەکاری دەگرێت. هونەرمەندی شێوەکار بەرهەمی هەیە، بەڵام بەرهەمەکەی لە رووی داراییەوە سەنگ و ئەرزشێکی پێ نەدراوە. ئەمەش وا دەکات، هونەرمەندانی شێوەکار بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان پەنا بۆ کار و پیشەی دیکە ببەن. دوورکەوتنەوەی ئەوانیش لە هونەری شێوەکاری، ئاستی بەرهەم و توانایان بەرەو خوار دەبات، هونەریش گەشە ناکات، جڤاکی کوردستانیش وا دێتە پێش چاو، کە جڤاکێکە لە ئاستی ستاتیکا و جوانیدا، هەست مردەیە. من پێموایە، هەموو ئەو گریمانانە قابیلی گۆڕینن، واتە دەکرێ کار بۆ ئەوە بکەین، کە تابلۆ بەهای هەبێت، کڕیاری هەبێت، گەلی کوردستانیش لە رووی ستاتیکاوە نەك هەر هەست مردە نییە، بەڵکوو گەلێکی ژیان دۆست و جوانی پەرستە. کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟ من پێموایە نەبوونی ناوەند و دەزگا، یان فرۆشگای بەرهەمی هونەری، دەرگای بە رووی رەوشەکەدا داخستووە. بەختیار سەعید، کە یەکێکە لە خەمخۆرانی دڵسۆزی دنیای هونەری شێوەکاری، لەم رووەوە یەکەمین هەنگاوی نا. فرۆشگایەکی تابلۆی بە ناوی (٧ رەنگە) لە شاری سلێمانیدا کردەوە. ئەم هەنگاوە بە ئاراستەیەکی دروستە. بۆ سەرکەوتنی، پشوودرێژی پێویستە. بە چەند پرسیارێك ویستمان لە کرۆکی پرۆژەکە نزیك ببینەوە.**

**تاریق کارێزی**

ئەوەی تابلۆ بچێتە هەموو ناوەندەکانی ژیانەوە، بڕیارمان داوە تابلۆ بە قیست بدەینە عاشقانی تابلۆ.

***تا چەند بۆ گەشەکردنی هونەر، بە کاڵاکردنی بەرهەمی هونەری گرنگە؟**

-بە دڵنیاییەوە بە کاڵاکردنی بەرهەمی هونەری زۆر گرنگە، چونکە لە لایەك لە ڕووی داراییەوە گرنگی و بایەخێکی زیاتر دەبەخشێتە کار و بەرهەمی هونەری، لە هەمان کاتدا هونەرمەندان مافی خۆیانە بە بەرهەم و کاری هونەریی خۆیان بتوانن ژیانی خۆیان بنیاد بنێن، گوزەران و داهاتوویەکی باشتر مسۆگەر بکەن، هاوشێوەی وڵاتانی ئەورووپا.

***نرخی تابلۆ و بەرهەمی هونەری چۆن دیاری دەکەن؟**

-دیارە ناوی شێوەکارەکە، تەمەنی تابلۆکە، بابەت و ستایلی شێوەکارەکە، ئەمانە هەموویان رۆڵیان هەیە لە چۆنێتیی دیاریکردنی نرخی تابلۆکان.

***چ تەرزە شێواز و ستایلێکی هونەر نمایش دەکەن؟**

-ئەو تابلۆیانەی نمایش کراون، هەموو قوتابخانە و ستایلێکیان لەخۆ گرتووە، چونکە دواجار ئەو کەسانەی بۆ کڕینی تابلۆ دێن، کەسانێکن خاوەن ئارەزووی جیاجیا، هەروەها تێڕوانینیان بۆ تابلۆ و کاری هونەری جۆراوجۆرە، هەر بۆیە دەبێت تابلۆکان لە ڕووی ستایل و قوتابخانەی هونەرییەوە، هەمەجۆر بن.

***پێتانوا نییە، کە زیاتر تابلۆی ریالیزم و ستایل کلاسیك لەگەڵ زەوقی کۆمەڵ و کڕیاراندا دەگونجێ؟**

-ئەوە راستە، رۆزرترین داواکاری لەسەر ئەو تابلۆیانەیە کە کلاسیك و ڕیالیزمن، چونکە ئەو کەسانە بەو شێوەیە دەڕواننە کارە هونەرییەکە، وەکوو بیرەوەری و ئاوێنەیەکی تەمەن و ژیانی خۆیان، ئاسانتر لە ڕووی بابەتەوە تێی دەگەن.

***کێ لە پشت بیرۆکەی دامەزراندنی (٧ رەنگە)وەیە؟**

-لە راستیدا ئەم بیرۆکەیەم بۆ ماوەی ساڵێك دەبێت کاری لە سەر دەکەم، بەڵام بە هۆی نەبوونی هەلی گونجاو تا ئەو کاتەی هاوڕێیەکم هەلی بەخشینی شوێنێکی بێ بەرامبەر پێ دام، کە هاتنەدیی خەونەکەی بۆ نزیکتر کردمەوە، بۆ خۆشم خاوەنی چەندین تابلۆی شێوەکارانم، لە هەمان کاتدا داوای تابلۆشم لە شێوەکاران کردووە، تاکوو پێکەوە دنیایەکی نوێی کاری هونەری لە ناو ژیانماندا بخولقێنین.

***شێوازی ڕێککەوتن لەگەڵ کڕیاردا چۆن دەبێ؟ ئایا بەرهەمی هونەری قابیل سەودایە، یان نرخ لە (٧ رەنگە) دا جێگیر و نەگۆڕە؟**

-شێوەکار لە دیاریکردنی نرخ لە سەر تابلۆکانی ئازادە، لەگەڵ کڕیاریشدا بواری گفتوگۆ لە بارەی نرخی کاری هونەرییەوە هەیە، ٧ رەنگە لەو نێوەندەدا تەنیا داهاتێکی کەمی پێ دەبڕێت، لە ئەنجامی فرۆشتنی کارە هونەرییەکان.

***پێتوایە بەرهەمی هونەریی نێو (٧ رەنگە) کڕیاری دەبێت؟**

-هەرچەندە ئێستا کڕیار زۆر ئەستەمە، بە هۆی ئەو بارە ئابوورییە خراپەی کە رووی لە هەرێم کردووە، بەڵام چونکە ئێمە پرۆژەکەمان هێندەی کەلتوورییە، هێندە بازرگانی نییە، لەبەر ئەوە هێندەی بتوانین هەلی فرۆشتنی تابلۆ دەڕەخسێنین، چونکە لە ناو شاری سلێمانیدا ژمارەیەك کەسایەتی هەن، کە کڕیاری بەردەوامی تابلۆن و ئێمەش پشتیان پێ دەبەستین.

***ئایا هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ریکلام و پەیداکردنی هەرمێن؟**

-بیرۆکەی تایبەتمان هەیە، لەگەڵ سەرەتای مانگی حەوت دەست پێدەکات. کارەکان دەبەینە ناو دەزگا و ناوەندی جیاجیاوە، هیواداریـن پێکەوە کار بکەین بۆ بەدیهێنانی دنیایەك لە هونەری کوردی لە ناو بوارە جیاوازەکانی ژیانماندا.

